دیوانی شاهانەی سعودیە: شا سەلمان بن عەبدولعەزیز توشی هەوکردنی سییەکان بووە



دیوانی شاهانەی سعودیە ڕایگەیاند، پادشای سعودیە سەلمان بن عەبدولعەزیز پشکنینەی پزیشکییەکانی تەواو کردوە کە لە کلینیکەکانی شاهانە لە کۆشکی سەلام لە جدە و دەرکەوتوە کە توشی هەوکردنی سییەکان بوە.

دیوانی شاهانەی سعودیە لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕونیکردەوە، "پشکنینی پزیشکی دەرکەوتوە کە سەلمان بن عەبدولعەزیز پادشای سعودیە توشی هەوکردنی سییەکانی بوە".
ئاماژەی بەوەشکرد، پادشای سعودیە بەرنامەی چارەسەرکردن لە کۆشکی سەلام لە جددە بە بەکارهێنانی دژە زیندەیی ئەنجامدەدات تا ئەو کاتەی هەوکردنەکە نامێنێت.

پێشتر دیوانی شاهانەی سعودیە ڕایگەیاند، شا سەلمان بن عەبدولعەزیز ئال سعود، ڕۆژی یەکشەممە، پشکنینی پزیشکی لە کلینیکەکانی شاهانە لە کۆشکی سەلام لە جددە ئەنجام دەدات.

ئەوەشیخستەتەو، "بەیاردرا شا سەلمان بن عەبدولعەزیز ئال سعود، پشکنینی پزیشکی لە کلینیکەکانی شاهانە لە کۆشکی سەلام لە جددە ئەنجامدەدات، چونکە بەدەست پلەی گەرمی بەرز و ئازاری جومگەکانیەوە دەناڵێنێت.